# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## ژەمی نانەکان ..

کیژە عازەبەی هەندەرانی سەری بەکۆشی نەنکی کرد وردە باوەشکی خەوی نیوەڕۆی گەرمای کوردستان کورد گۆتەنی: گەزێک دەمی پێ هەڵدەپچڕی ! وەک نەخۆشیەکی لێگرەوە ئەوانی تریشی دەخستە خۆلێکشانەوەی جومگەکان ئەوە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە فێنکی هەوای سپلیتە هەوا ساردکەرەوەکە لەگەڵ کارلێکی ماستاوە سارد و خەستەکەش کە بەمەرجی سەرخۆشی بگر بوو ! هەمووانی خاوکردبۆوە هەر دەتگوت سوەڕ من مەعرەکەی سەردەمی قادسیەی دۆڕاوی سەدامی دیکتاتۆرە هەریەکەی سەری بەلایەک کردبوو پرخەی خەوخۆشی هەندێکیان ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیی . ئەوجا مەبەستمان ئەوە نی یە خوێنەریش چاوەکانی کزببێ وردە وردە خەوەکوتکە بیباتەوە دەشڵێن خەوزاڵمە ! نەنەپیرە مەیلەوکووڕ دانیشتبوو هەرچەندە خەو دەیبردەوە سروشتی وابوو مێژووی زۆری شتەنوێکانی لەبیر دەچۆوە لەناو تەمەندابوو بەڵام بەسەرهاتە کۆنەکانی وەک گوڵ دەگێڕایەوە بەتایبەتیش باسی شوکردنی خۆی بەباپیرەیان لەسەرتای هەموو گیرانەوەکانیش بەوشەی ( بەناشکوری نارێم ) دەستی پێ دەکرد ! کیژە بەئەسپاییلۆکە لەنەنەی پرسی: ئێستا ئێمە ڕۆژی هەرسێ جار نان دەخۆین ، ئەورۆ ناوی ژەمی خواردنی کوردانەم لۆ بژمێرە تا خەوم لێدەکەوی ؟ نەنەش دەستی پێکرد .. جاران خەڵک هەژاربوو هەر هەمووی جوتیار بوون لەبەر زۆری و گرانی کاری ڕۆژانە پێنج جەمە خواردن هەبوو . یەکەم جەم پێی دەڵێن خورێنی : ئەوە یەکەم نانی تاریک و ڕوونی بەیانی بوو دوای نوێژی سبحەینێ نزیکەی چار و پێنجی سەرلەزوو دەخورا ئەوجا ئەوەی خوا بیدابا لەبالۆرە نانێکدا دەپێچرا و بەپەلە قوتمان دەدا . دووەم جەم پێ ی دەڵێن کێشتێ یا تێشتێ یا

سوبحانە: دوای تاوێک کارکردن ئینجا لەسەر کێڵگە یا سەفەری ڕێگا و بان .... کاتی چێشتەنگاوێ کەدەکاتە دەوری نۆ و دەی بەیانی نان و ماست با یا سەلکە پەنیر و پیواز لەپشووێک دەمان خوارد . سێیەم جەمیش بەکرمانجی پێی دەڵێن : فراقین یا کوردانی ڕۆژهەڵات دەڵێن نەهارێ واتە نانی نیوڕۆییە: لەیەک و دووی پاش نیوەڕۆ دەخورا خواردنی گەرم بوو لەهێلکەکوڵاو جار جارەش برنج و گۆشت یا گەنمەکوتا لەگەڵ شلەی تەماتە ... تاد. چوارەم جەمیش بەکرمانجی شێڤێ بەڕۆژهەڵاتی شامێ و لای خۆشمان شیوێ واتە شێوی ئێواران یا شەوخۆراک بریتیبوو لەشلەساوار ، ترخێنە و پەرپێنە و چوزانم ئەو تروتەوێرانە . پێنجەم جەمیش پارشیف یان پارشێو بوو پاش شێوێ وەک شەوچەرە دەخورا لەهەشت و نۆی شەوێ جا زستانان مێوژ و قەسپ و گوێز ، پایزان هەناری موشتاغ و هاوینان میوەی هەنار و ترێ و شوتی . سەرێکی لەنەوەکەی خوارکردەوە پرسی: ئەی کچی خۆم ئەوە نوستی ئەمنیش چەند لەمێژە حەکایەتان دەکەم !

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com